## گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

# تەکنیکی نەخشەسازیی لە پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا

## توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە لەماوەی نێوان (2025/1/1 تاکو 2025/3/31)

**پ.ی.د. دلێر ئەحمەد حەمە**

تەکنیکی میدیا، کۆلیژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، کوردستان عێراق

dler.hama@epu.edu.iql

**عبدالخالق صابر سعدون**

تەکنیکی میدیا، کۆلیژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، کوردستان عێراق

abdulkhaleq.saadoon@epu.edu.iql

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١١

پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١٧

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

تەکنیك, نەخشەسازیی,

پۆرتاڵ, ڕۆژنامەدا

**Doi:**

10.25212/lfu.qzj.11.3.25

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ شیکردنەوەی شێوە و بەراوردکاریی نێوان هەر سێ پۆرتاڵی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (خەبات، الشرق الاوسط، The New York times international)، بۆ گەیشتن بەو شێوازو تەکنیکانەی لە نەخشەسازییاندا پیادەکراون. توێژەران هەوڵیانداوە ئەو بنەماو تایبەتمەندی و پێوەرو مەرج و یاساو شێوازە زانستییانەی تایبەتن بە نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە بخەنەڕوو بۆ ئاشناکردنی نەخشەسازانی پۆرتاڵە کوردییەکان، بۆ ئەوەی لەسەر زانیارییەکی زانستی کار بکەن، و ئاشنابن بەو شێوازانەی، کە دەبنە هۆی سەرنجڕاکێشانی پۆرتاڵەکە. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دۆزینەوەی ئەو تەکنیك و شێوازو پێکهاتە گشتی و ڕادەی پشت بەستنی نەخشەسازان بە ماڵتیمیدیا لەپۆرتاڵەکان، و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خستنەرووی خاڵی هاوبەش و جیاوازیان. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بریتیە لە نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامەکان، نموونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە هەر سێ پۆرتاڵی (خەبات، الشرق الاوسط، The New York times international)ە. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە، فۆرمی شیکردنەوەی شێوەی بەکارهێنراوە لە شیکاری شێوەی لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵەکان. و لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەران بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتوون، کەبریتین لە: پۆرتاڵی خەبات بە ڕادەیەکی لاواز پشتی بە تەکنیکە نوێیەکانی نەخشەسازیی بەستووە، بە پێچەوانەوەی دوو پۆرتاڵەکەی دیکە. خەبات شێوازێکی سادە و کلاسیکی و جێگیری هەیەو هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی تێدا نابینرێ، بە پێچەوانەوەی دوو پۆرتاڵەکەی دیکە. پۆرتاڵی خەبات لاوازە لە پشت بەستنی بە تەکنیکە نوێیەکانی نەخشەسازیی. دوو پۆرتاڵەکەی دیکە زیاتر گرنگیان بە تەکنیکی نوێتری داوە. خەبات، شێوازێکی سادە و جێگیری هەیە، هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی تێدا نابینرێ. هەرسێ پۆرتاڵ پێکهاتەکەیان وەکو یەکە لەبەکارهێنانی بەشی (سەرەوە، لەش، خوارەوە).

## پێشەکی:

لە ئەمڕۆدا، تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان گۆڕانکارییەکی گەورەی لە بواری ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە دروستکردووە. ئەم گۆڕانکارییە بەرچاوە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شێوازی کارکردن و گەیاندنی زانیارییەکان لە ڕێگەی میدیای نوێوە هەبووە. لەم چوارچێوەیەدا، ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان وەک یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی زانیاری و هەواڵ دەرکەوتوون و توانیویانە بە خێرایی و کاریگەری زۆر، زانیارییەکان بگەیەننە بەکارهێنەران لە سەرتاسەری جیهاندا. نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زانستی زیاتر هەیە. ئەم توێژینەوەیە، هەڵێنجراوی نامەی ماستەرنامەیە، و هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر تەکنیکەکانی نەخشەسازی لە پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا. لە ئێستادا، نەخشەسازیی وێبسایتەکان تەنها پەیوەندی بە جوانکاری و ڕووکەشەوە نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە باشترکردنی ئەزموونی بەکارهێنەر، و زیادکردنی کاریگەری ناوەڕۆك و زانیارییەکان، و بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی و بەردەستی زانیارییەکان. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پۆرتاڵە ئەلیکترۆنییەکانەوە شیکردنەوەی بۆ تەکنیکە نوێیەکانی نەخشەسازیی پۆرتاڵ و کاریگەرییان لەسەر گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان بکات. مێتۆدی ئەم توێژینەوەیە پشت بە شیکردنەوەی چۆنایەتی و بەراوردکاری دەبەستێت، لەبەکارهێنانی تەکنیک و شیکردنەوەی توخمەکانیان. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە،کە دەتوانێت ڕێنمایی و پێشنیاری بەسوود پێشکەش بکات بۆ نەخشەسازان و بەڕێوەبەرانی پۆرتاڵە ڕۆژنامەوانییەکان. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشترکردنی ئەزموونی بەکارهێنەر و زیادکردنی کاریگەری گەیاندنی زانیارییەکان. هەروەها، ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەران و قوتابیانی بواری میدیای دیجیتاڵ و نەخشەسازیی وێبەکان. گرنگی توێژینەوە، کاریگەرییەکی بنەڕەتی هەیە لەسەر دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرانەوە.

ئەم توێژینەوەیە سێ تەوەر لەخۆدەگرێت: تەوەری یەکەم تایبەتە بەمیتۆدنامەی توێژینەوەکە، تەوەری دووەمیش تایبەتە بە تیۆرییەنامە کەچەمك و پێناسەکان و جیاوازی نێوان نەخشەسازیی ڕۆژنامەو نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە لەخۆدەگرێت، تەوەری سێیەم تایبەتە بە پێوەرو جۆرو مەرج و یاساکانی نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامەو هەروەها لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، و لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و دەرەنجام و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تەوەری یەکەم:

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە (میتۆدنامەی توێژینەوەکە)

### کێشەی توێژینەوە:

کێشـــەی ئەم توێژینەوەیە لە شـێوەی پرسـیارێکی سـەرەکی دەخرێتەڕوو: ئایا گرنگترین ئەو تەکنیك و شێوازانە کامانەن، لە نەخشەسازیی هەر سێ پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا بەکارهێنراون؟

### گرنگی توێژینەوەکە:

هەڵبژاردنی ناونیشانی (تەکنیکی نەخشەسازیی لە پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا) سێ لایەنی گرنگ لەخۆ دەگرێت:

1- لە ڕووی تیۆری و زانســتییەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خســتنەڕووی تەکنیکە نوێیەکانی نەخشــەســازی لە پۆرتاڵی ڕۆژنامەکاندا و بایەخی ئەم تەکنیکە نوێیانەی نەخشەسازییە لەسەرنجڕاکێشانی خوێنەری ڕۆژنامەکاندا.

2- لایـەنی پراکتیکی میـدیـایی: گرنگی ئـەم لایـەنـە بۆ ئـەوە دەگـەڕێتـەوە، دەکرێـت نەخشــەســازیی پۆرتاڵی میدیایی لەدامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان ســوود لەم هەوڵە زانستییە ببینن، لە چۆنیەتی نەخشەسازییکردنی پۆرتاڵی ڕۆژنامەکاندا بەشێوەیەکی زانستی گونجاو تاکو زیاتر کاریگەری و کارلێك لەگەڵ بەکارهێنەر دروست بکات.

3- گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بەزمانی کوردی دەخرێتە بەردەست توێژەران و خوێنەرانی ئەم بوارە، و دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی یارمەتیدەر کەڵکی لێ وەبگیرێت و تا ڕادەیەك ئەو کەلێنە لە کتێبخانەی زانســتی ســەبارەت بەم بابەتە پڕ بکاتەوە.

### هەڵبژاردنی هەر سێ پۆرتاڵی ڕۆژنامەوانی:

هۆکاری هەڵبژاردنی سێ پۆرتاڵی دیاریکراو وەکو نموونەی توێژینەوەکە، هەر یەك لەو پۆرتاڵانە (خەبات، الشـرق الاوسـط، The New York Times International) سـەر بە ناوچەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

نەتەوەو زمان و ئاستو و جوگرافیایەکی جیاوازن، و هەروەها لەڕووی هونەرکارییەوە دیسانەوە جیاوازن.

**ئامانجی توێژینەوە:**

هەوڵێکە لەڕێگەی شیکردنەوەی شێوەو بەراوردکردنی هەر سێ نموونەی وەرگیراو لە پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا، ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەدەست بهێنرێت:

1-زانینی ڕادەی پشت بەستنی هەر سێ پۆرتاڵی ڕۆژنامەی نموونەی توێژینەوەکە بە تەکنیکەکانی نەخشەسازیی.

2-زانینی چ جۆرە شێوازێکی نەخشەسازییەك پیادەکراوە لە هەر سێ نموونەی پۆرتاڵی ڕۆژنامەکەدا.

3-زانینی پێکهاتە گشتییەکانی پۆرتاڵی ڕۆژنامە لە هەر سێ نموونەی توێژینەوەی وەرگیراو.

4-زانینی ڕادەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ماڵتیمیدیالە هەر سێ پۆرتاڵی نموونەی ڕۆژنامەدا.

**میتۆدی توێژینەوە:**

توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، بۆ شیکردنەوەیەکی وردی داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە، پشت بەڕێبازی شیکردنەوەی شێوە بەستراوە، کە یەکێکە لەڕێبازە زانستی و پەیڕەوکراوەکانی توێژینەوە لەبواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەتایبەتیش لەبواری ڕاگەیاندن و نەخشەسازیدا.

**کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە پۆرتاڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانە، بە شێوازی نموونەی مەبەستدار (ئەنقەست) نموونەیەک لەم کۆمەڵگەیە هەڵبژێردرا، کە بریتیە لە پۆرتاڵەکانی: (خەبات، الشرق الاوسط، the new york times international). توێژەران لە سێ شوێنی جیا و سێ ئاراستەی جیادا، سێ پۆرتاڵی (خەبات – سیاسی، ڕۆشنبیری کوردی/ الشرق الاوسط – گشتی عەرەبی/ the new york times international -گشتی بیانی) وەرگرتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری:**

بۆ دەستخستن و کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە, توێژەران سوودیان لە فۆرمی شیکردنەوەی شێوە وەرگرتووە بۆ هەرسێ نموونەی توێژینەوەکە.

## تەوەری دووەم:

### 1-چەمك و پێناسەی نەخشەسازیی:

چەمکی نەخشەسازیی ڕۆژنامەوانی بریتیە لە داهێنانێکی ڕواڵەتی لەسەر ڕووی لاپەڕەی ڕۆژنامە، یاخود خوڵقاندنی شتێکی جوان، یان ئەوە کارە داهێنەرەیە، کە ئامانجەکەی بەدەست دەهێنێت، لەبەر ئەوەی پرۆسەی نەخشەسازیی پەیوەستە بە توانای کەسی نەخشەساز بۆ داهێنان، شارەزایی و توانای خەیاڵی خۆی بەرجەستە دەکات بۆ دروستکردنی کارێکی نوێ یان پەرەپێدان لە کارێکی پێشوو. (هنطش، 1994، ص 25).

توێژەران پێیان وایە نەخشەسازیی ڕۆژنامەگەریی، بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ناوەڕۆکی نەخشەسازیی ڕۆژنامەگەریی، و دەرفەت بە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکە دەدات لە چۆنیەتی ڕێکخستنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێشی بینراو. نەخشەسازیی ڕۆژنامەگەریی پشت بە بنەمای توانای ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەران و تیشک خستنە سەر ناوەڕۆک لە ڕۆژنامەکەدا دەبەستێت، کە لە ڕێگەی شارەزاییانەی بەکارهێنانی بابەت و وێنە و ناونیشان و ڕەنگ و گرافیک و فۆنت و نەخشەکێشانە.

### 2-چەمك و پێناسەی نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە:

پۆرتاڵ، وێبسایت بریتیە یەکگرتن و یەکخستنی نێوان تەکنۆلۆژیای پەیوەندی و زانیاری و میدیا، گۆڕانکاری گرنگی لە سنوورەکانی جیاکردنەوەی کۆمەڵێک زانست و پسپۆڕی جیاوازدا هێناوەتە ئاراوە و بە تایبەتی زانستی بەرنامەسازیی و ئەندازیاریی کۆمپیوتەر، زانیاری و میدیاییە، بۆ نزیکبوونەوە و هاوکاری لە بوارێکی هاوبەشی نوێدا سەرەڕای نەبوونی هاوکاری و کاری هاوبەشیان، کە کێشەی گرنگ سەبارەت بە سنووری هەر زانستێک و پەیوەندییەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ ئەوی دیکەدا دەوروژێنێت، هەروەها بەربەستی بەردەم توێژەران و ئەوانەی لەم زانستانەدا کاردەکەن بە زانست و پسپۆڕییەکان بۆ ئەوەی بەڕووی زانست و پسپۆڕییەکانی دیکەدا بکرێتەوە، بەس نییە بڵێین بواری زانیاری و پەیوەندییەکان یان ئامرازەکان میدیای نوێ پسپۆڕییەکی هاوبەشە، بەڵکو پێویستە کار و هاوکاری و تێگەیشتنی هاوبەشی هەموو پسپۆڕان و ئەوانەی ئارەزووی ئەو بوارە دەکەن قووڵتر بکرێتەوە، تا هەموومان بتوانین بەشدارییەکی باشتر بکەن لە تێگەیشتن لەوەی چی دەگوزەرێت و سوودی لێ ببینین. (شومان، 2004، ص 115).

نەخشەسازیی پۆرتاڵ، بریتیە لە ڕۆژنامەیەك بە بەکارهێنانی وێبسایتی ئەلیکترۆنی، پۆرتاڵێك هەڵدەستێت لەسەر تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی بە خەسڵەتی تایبەتی دروست دەکات، بە نیشاندانی چاپی کاغەزی ڕۆژنامەکە و بەهۆی بەکارهێنانی وەشان (نوسخە)ی (PDF) بۆ سەر پۆرتاڵەکە، بە مەستی پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی دەزگاکە بەدوو جۆر، بە نوسخەی (PDF) و بەشێوازی خستنەڕووی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە لەسەر ئەو پۆرتاڵە.

## 3-جیاوازی نێوان نەخشاسازیی ڕۆژنامە و نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە

لە وتارێکی جاکوب (Jakob Nielsen)، ئاماژە بە کۆمەڵێ جیاوازی بنەڕەتی نێوان نەخشەسازیی ڕۆژنامەی چاپکراو و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دەدات، کە لێرەدا دەتوانرێت جیاوازی نێوان ڕۆژنامەی چاپی کاغەز و پۆرتاڵی ڕۆژنامە لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت :

### 1-لە ڕووی شێوە و دیزایین :

أ- ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بە شێوەی ڕاست یان ئاسۆیی دەخوێندرێنەوە، چونکە لە ڕێگەی شاشەیەکی بچووکی کۆمپیوتەرەوە پیشان دەدرێن، لەکاتێکدا ڕۆژنامەی کاغەزی لەسەر لاپەڕەی گەورە بە شێوەی ستوونی دەخوێندرێتەوە، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ دەستبەجێ دەستگەیشتن بە ناوەڕۆکەکە، و لە ڕێگەی شاشەوە قورستر دەبێت، و پانتایی لە پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا بەرفراوانە، و توانای گۆڕین و چاککردن و زیادکردنی هەیە، کە کاریگەری لەسەر سەرنج ڕاکێشی پۆرتاڵ دروست دەکات (العنزي، 2007، ص 183).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب- توانای پۆرتاڵی بۆ چالاککردنی توخمەکانی ماڵتیمیدیا و پشتگیریکردن و دەوڵەمەندکردنی هەواڵ و زانیارییەکان بە فایلەکانی ماڵتیمیدیا. ئەمە لە ڕۆژنامەی چاپی کاغەزیدا بەردەست نییە، بەڵام تێگەیشتن لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی توخمە ماڵتیمیدیاییەکان هێشتا لە پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا سنووردارە. ماددە میدیاییەکان زیاتر لە کەرەستەی پەخشی تەلەفزیۆنی، یان پەخشی ڕادیۆییدا دەچێت، ئەمەش وا دەکات ڕۆژنامەکە تایبەتمەندی خۆی لەدەست بدات، و دەبێتە هۆی دروستکردنی کێبڕکێ لە نێوان دامەزراوە ڕۆژنامەوانی و دابینکەرانی خزمەتگوزارییەکانی دەنگی و ڤیدیۆیی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، وەک وێستگەکانی ڕادیۆ (مطر، 2011).

**2-هایپەرلینك (بەستەر):** یەکێکە لە بەشە بنەڕەتی و جیاوازەکانی پۆرتاڵی ڕۆژنامە، بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی هایپەرلینکە بۆ بەکارهێنەرانی پۆرتاڵەکەیە و زانیاری زیاتری هەواڵ و بابەتەکان یان زانیاری نزیك لەو بابەتە. ئەم هایپەرلینکە ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدەن لەبارەی پاشخانی مێژوویی ڕووداوەکانەوە بزانن، بەڵام ئەم هایپەرلینکە پەیوەستن بە هەندێک سیفەتی نەرێنیەوە، چونکە ڕەنگە بڕێکی بێکۆتایی زانیاری بە بەکارهێنەر بدەن لە خوێندنەوە لەسەر بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی ترو بە تەواوی بگوازرێتەوە، ئەمەش ڕەنگە توانای کەم بکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر چڕکردنەوەی زانیارییەکان، کە ڕەنگە نوقمبوونی بەکارهێنەر لە بڕێکی بێکۆتایی زانیاریدا بێزاری بکات، ئەمەش وای لێدەکات بە تەواوی واز لە خوێندنەوەی پۆرتاڵەکە بهێنێت. ئەم هایپەرلینکە لە ڕۆژنامەی کاغەزدا بوونی نییە (لبد، 2014، ص 74-75).

**3-کارلێککردن**: پۆرتاڵی ڕۆژنامە تایبەتمەندە بە توانای دابینکردنی کارلێکی زۆر لە نێوان پۆرتاڵ و بەکارهێنەرانی، ئەمەش لە حاڵەتی ڕۆژنامە کاغەزییەکاندا قورسترە یاخود هەر نییە، بەو پێیەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان ڕێگە بەم کارلێکە دەدەن وەکو فیدباك، جا چ بە سەرنجدان لەسەر بابەتەکان یان نامە نووسین، پۆستی ئەلیکترۆنی، گفتوگۆ و سیمینار لەگەڵ پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانی لەسەر پۆرتاڵەکە (الحنفاوي، 2014، ص 226).

**4-گەڕان**: لە پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا تایبەتمەندی گەڕان فەراهەم کراوە بۆ گەڕان بەدوای وەکو ئەرشیفی پۆرتاڵ، کە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ بەکارهێنەر، بۆ دەستکەوتنی هەر بابەت و زانیارییەك، کە پێشتر بڵاوکرابێتەوە، یاخود ئەرشیفی ڕۆژنامەکە بە شێوازی پی دی ئێف (PDF)، لە ڕۆژنامەی کاغەزدا بوونی نییە (مطر، 2011).

**4- بنەماکانی نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە:**

بەو پێیەی لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵی ڕۆژنامەوانی دەروازەیەکی سەرەکی پۆرتاڵەکەیە، بۆیە پێویستە لەگەڵ کردنەوەیدا ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، لەلایەنی شێواز و ڕواڵەتەوە مەرجە ئەو پۆرتاڵە هاوسەنگی و یەکێتی و جوڵە و جیاوازی و ڕیتم و گونجاو لە دابەشبوونی توخمەکانی ناو لاپەڕەی پۆرتاڵەکە لەخۆ بگرێت، وەکو سەردێڕ و پیت و وێنە و هێڵ و ڕەنگ و بۆشایی و ڕەسم و خشتە و نەخشە. (الشمالية، 2015، ص 193).

لە لایەنی ناوەڕۆکەوە تیشك خستنە سەر ئەو بابەتانەی، کە گرنگن و بەستەر (لینك) لەخۆ دەگرێت بۆ بابەت و زانیاری لاوەکی، تاکو سەرنجی بەکارهێنەر بۆ پۆرتاڵەکە ڕابکێشێت، هەروەها دەبێت ئەو پۆرتاڵە بەکاتێکی کەم بەڕووی بەکارهێنەر بکرێتەوە، و مەرجە ئەو پۆرتاڵە سادەیی و خوڵقی تێدا بەکارهاتبێت، ئەگەر وا نەبێت ئەوا بەکارهێنەر دەچێتە سەر پۆرتاڵێکی دیکە(CRAIG,2005,P201) و پێویستە ڕەچاوی ئەم لایەنانە بکرێت:

**1-لایەنی فسیۆلۆژی**: ئەم لایەنە پشت بە لێکۆڵنەوەی چاو دەبەستێت لەڕووی ئەزیەتنەدانی بەکارهێنەر، تا بتوانێت بابەتەکان بخوێنێتەوە، لەڕووی فۆنتی گونجاو بەکارنەهێنانی ڕەنگی نەگونجاو و زەق، تاکو بتوانێت زانیارییەکان بەئارامی و بە ڕوونی وەرگرێت، چاو بەڕەنگی تۆخ و شاشەی پڕ شەوق و بچووکی و لاری فۆنتی زانیارییەکان نارەحەت دەبێت (القادري و اخرون، 1991، ص 123).

**2-لایەنی ڕۆژنامەوانی**: ئەم لایەنە پشت بە شێوەو ناوەڕۆك دەبەستێت، بۆ ئەوەی ئەم لایەنە ئامانجی خۆی بەدەست بهێنێت، پێویستە زانیارییەکان سوودمەند و نوێ و گرنگ بن، و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەهەمان کاتدا شـێوازو ڕواڵەتی نەخشــەســازییکردنی زۆر گرنگە. شـێوازی دانانی بابەت و زانیارییەکان هۆکاری ســەرەکییە بۆ مانەوەی بەکارهێنەر لەو پۆرتاڵەدا (موســی، 2015، ص 68).

**3-لایەنی هونەری**: ئەم لایەنە دەڕوانێتە پۆرتاڵەکە وەکو یەکەیەکی تەواوکار و کەسایەتییەکی دیاری ئەو پۆرتاڵە، بێگومان ڕۆڵی گرنگی ئەم لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ کەســی نەخشــەســازیی پۆرتاڵەکە لەڕووی ڕیتم و لێکنەچوون و یەکگرتووی. (خوخە، 2010، ص 22-23).

**4-لایـەنی دەروونی**: پێویســتـە ڕەچـاوی پێکهـاتـەی دەروونی و پێگـەیشــتووی هزری بەکارهێنەرەکان بکات لەڕووی توێژەکانی تەمەن و ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری. (امام، 1957، ص 260).

لەکۆی ئەو خاڵانە، توێژەران بۆیان دەرکەوت، کەوا مەرجە ئەو پۆرتاڵە هاوسەنگی و یەکێتی و جوڵە و جیاوازی و ڕیتم و گونجاوی لەخۆ بگرێت لە دابەشــبوونی توخمەکانی وەك بابەت و وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ و هێڵ و ڕەنگ و بۆشــایی و خشــتە و نەخشــە. و هەروەها بەســتەر توخمێکی ســەرەکییە، کە بوونی هەبێت لەنێو پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا، و تـایبـەتمەندی خێرا کردنەوەی پۆرتاڵ تاکو بەکارهێنەر بتوانێ بەکاری بهێنێت و ببێتە ســەرچاوەی خۆی، و گرنگە لایەنی فیســیۆلۆژی و هونەری و ڕۆژنامەوانی و دەروونی ڕەچاو بکرێت، کە لەســەرەوە بە ڕوونی باسی لێوە کراوە.

**5- تایبەتمەندی نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە**

پێویستە نەخشەساز ڕەچاوی پێکهاتەی دەروونی و پێگەیشتووی هزری بەکارهێنەرەکان بکات لەڕووی توێژەکانی تەمەن و ڕەگەز و خوی باوی خوێندنەوە. (امام، 1957، ص 260).

پۆرتاڵی ڕۆژنامە بە بەردەوام گۆڕانکاریی ســەرەکی بەســەردا دێت، ئەوەش دەگەڕێتەوەبۆ گرنگیدان بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت، پۆرتاڵەکانی ڕۆژنامە هەموو ئامرازە کلاســیکییەکانی پێشــتری لەخۆ گرتووە و تێکەڵکێشــییەکی لەنێوانیاندا دروســت کردووە، لەبەرامبەردا ئاسـان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهێنان بۆتە هۆی ئەوەی هەر بینەرێکی ئەو هەواڵانە وا هەست بکات خۆیان لەنێو ڕووداوەکاندان. (العباوي، 2010، ص 99).

هەر ناوەڕۆکێکی باش و بە نەخشەسازییەکی خراپ لە پۆرتاڵێکی ڕۆژنامەدا، بەکارهێنەر سوود لەو زانیارییانە نابینێت، و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، پۆرتاڵێك بە نەخشەسازییەکی ڕێکوپێك و بە ناوەڕۆکێکی خراپ، دیسانەوە بێ بەهایی خۆی نیشان دەدات. بۆیە مەرجە هەردوو توخم ناوەڕۆکی باش و نەخشەسازییەکی باش پۆرتاڵێکی سەرکەوتوو بەرهەم دێنن. ئەمانەی خوارەوە گرنگترین چەند تایبەتمەندییەکن: (ابورستم، 2023، ص 59-60).

**1-نەخشەسازی و ناوەڕۆك:** بۆ ناوەڕۆکێکی ئاسان خوێندنەوەو ڕوون و نەخشەسازییەکی گونجاو و هاوسەنگی پێویستە.

**2-ئاسان گەڕان لەنێو پۆرتاڵ:** پێویستە پرۆسەی گەڕان ئاسان بێت بۆ بەکارهێنەر، تاکو دەگاتە ئەو بابەت و زانیارییەی، کە دەیەوێت و جێگەی گەڕان لە جێیەکی دیار بێت و زوو چاوی بەکارهێنەر بکەوێتە سەری.

**3-ئاسان کردنەوەی پۆرتاڵ:** بەکارهێنەر کاتێکی زۆری پێویست نەبێت بۆ کردنەوەی پۆرتاڵەکە، ئەم تایبەتمەندییە زۆر گرنگە بۆ پۆرتاڵی ڕۆژنامە، ئەگەر وانەبێ، ئەوا بەکارهێنەر بێزار دەبێت و ئارەزووی چاوەڕوانی نامێنێ و دەچێتە سەر پۆرتاڵێکی دیکە.

لە تایبەتمەندییەکاندا ئەو پۆرتاڵە دەبێت ڕەچاوی سەرجەم توێژو چینەکانی بەکارهێنەر بکات و شیاو بێت بۆ هەموو توێژەکانی تەمەن و ڕەگەزداو تاکو سەردانی بکەن، بە بەردەوام گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکەکەیدا بێت و لەڕێگەی ئایکۆنی گەڕان و کارلێکدا دەرفەت بۆ وەڵامدانەوەو تێبینی بەکارهێنەران برەخسێنێت لەسەر هەر زانیارییەك یاخود گەڕان بەدوای هەر زانیارییەك.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەری سێیەم:

### 1-پێوەرەکانی نەخشەسازیی پۆرتاڵی رۆژنامە:

لەبەر رۆشـنایی ئەو گۆڕانکارییە دیجیتاڵیەی لە ئێسـتادا پێیدا گوزەر دەکەین، وێبسـایتەکان بوونەتە یەکێـک لە گرنگترین ئـامرازەکـان، کە لە میـدیـا و پەیوەنـدیکردن و بـازاڕکردنـدا بەکاردەهێنرێن، جگە لەوەی، بەشـێکی سـەرەکین لە بوارە جیاوازەکانی کارکردن لە رێگەی ئینتەرنێتەوە، هەموو دامودەزگاو کۆمپانیاکان ئارەزوویان بۆ دروسـتکردنی ئەو وێبسـایتانە هەبووە، کە گوزارشـتیـان لێـدەکەن. جگە لەوەش، زۆرێـک لە تـاکەکـان بۆ کـارکردن پشـتی پێدەبەسـتن. بۆیە پێویسـتە ئەم وێبسـایتانە سـەرنجڕاکێش و کاریگەر بن، لێرەدا رۆڵی نەخشـەسـاز دێت و بۆ بەدەسـتهێنانی پەیڕەوکردنی سـتانداردە تایبەتەکان هەموو هەوڵێک دەدات، کە نوێنەرایەتی دەکات لە خێرایی، دڵنیایی، ئاسـانکاری، گونجان، و باشـکردنی ئامرازی گەڕان، بۆ زیـاتر زانین دەربـارەی ئەم پێوەرانـە، لێرەدا تیشـک دەخەینە سـەر گرنگترین پێوەرەکانی نەخشەسازیی وێبسایتی ئەلیکترۆنی: (الموقع، 2024)

**أ-ئاسـان بەکارهێنان**: یەکێک لەو توخمە گرنگانە، کە دەبێت لە پۆرتاڵ – وێبسـایتدا هەبێت، ئاسانکاری بەکارهێنانی وێبسایتەکەیە. پێویستە رێکبخرێت و لیست (مینیوەکان)ی ڕوون بێت بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بە ئاسـانی ئەو زانیاریانە بدۆزێتەوە، کە بەدوایدا دەگەڕێت. گرنگە دڵنیا بین لەوەی هەموو لینکە ڕاسـتەوخۆکانی ناو وێبسـایتەکە بە شـێوەیەکی کاریگەر کاردەکەن، هەروەها دڵنیا بین لەوەی وێبسـایتەکە بە شـێوەیەکی رێک و پێک و ئاسـوودەیی کاردەکات بۆ ئەوەی بێزارکەر نەبێت بۆ بینەر.

**ب-نەخشـەسـازییەکی سـەرنج ڕاکێش**: نەخشـەسـازیی سـەرنجڕاکێش بە ڕووکارێکی پرۆفیشناڵەوە زیاتر بەکارهێنەر ڕادەکێشێت، و پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی پۆرتاڵەکەت بزانێت. بۆیە دەبێت گرنگی بە ڕووکارێکی ئاسـوودە و سـەرنجڕاکێش و نەخشـەسـازییەکی پیشـەیی بدرێت، چونکە دەروازەیەکی یەکەم و گرنگترینە بۆ سـەرنج ڕاکێشـانی بەکارهێنەر (ریحان، 2023).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

**ج-نەخشەسازیی وەڵامدەرەوە:** گونجاو و وەڵامدەرەوە بێت لەگەڵ ئەو ئامێرانەی بەکارهێنەر بۆ چوونە ناو وێبسایتەکان بەکاریدەهێنن، وا دەکات وێبسایتەکە لەگەڵ هەموو ئامێرەکاندا بگونجێت، بە (مۆبایل و کۆمپیوتەر و تابلێت)ەکانەوە، کە پێی دەگوترێت نەخشەسازیی وەڵامدەرەوە. لێرەدا ڕۆڵی ستاندارادی گونجان دەردەکەوێت، ئەمەش وایکردووە پۆرتاڵ - وێبسایتەکە ببێتە ئامرازێکی تەواوکار بۆ دابینکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنەر.

د-خزمەتگوزاری باشی گەڕان: باشکردنی ئامرازی گەڕان (SEO) کۆمەڵێک تەکنیک و پراکتیزە و ئامانجیان باشترکردنی ڕیزبەندی وێبسایتێکە لە ئەنجامی گەڕانی بێ بەرامبەر. ئەمەش بە جێبەجێکردنی پێوەرەکانی ئامرازی گەڕانە، لەوانە گوگڵ، بینگ، یاندێکس و ئەوانی تر، ئەمەش سەردانی بەکارهێنەرانی وێبسایتەکە زیاد دەکات. (الحداق، 2024).

**هـ-خێرایی دەستڕاگەیشتن و بارکردنی پۆرتاڵ:** ئەم پێوەرە بە یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکان دادەنرێت تا ئێستا. گرنگ نییە وێبسایتەکەت چەندە ڕێک و پێک و سادە بێت، ناوەڕۆکی کوالیتی بەرزی تێدابێت و لەگەڵ هەموو ئامێرەکاندا دەگونجێت، ئەمە هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر وێبسایتەکەت تووشی کێشەی بارکردن (تحميل) یاخود کردنەوەی خێرا نەبێتەوە، دەبێت دڵنیا بیت لەوەی وێبسایتەکەت بە خێرایی باردەکرێت. (2P,2023)

## 2-جۆرە نوێنەکانی نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە:

لەم ساڵانەی دواییدا، چەند شێوازو جۆری تایبەت بە نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە دەرکەوت و بەخێرایی ناوباگی بەدەستهێناو دەکرێت بە دوو ئاراستە پۆلێن بکرێن، کە بریتین لە نەخشەسازیی ڕووکاری(Flat design) ، و نەخشەسازیی فیزیکی:(Material design)

أ-نەخشەسازیی ڕووکاری :(Flat design): ئەم جۆرە نەخشەسازییە داماڵێنراوە لەهەموو ڕواڵەتی ڕەهەندی سێ لایی، و هەموو توخمەکان لەسەر ڕووکارێکدایە، ئەوەش وایکرد، ناوی ڕووکاری لێ بنرێت. واتە هەموو جوانکارییەکانی بینینی وەك سێبەر و پێکهاتەو پلەبەندی ڕەنگەکان و درەوشاوەیی..تد گونجاو نین لەم جۆرەدا (فاخوري، 2015).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

ب-نەخشـەسـازیی فیزیکی (Material design): ئەم جۆرە نەخشـەسـازییە لە بەرهەمی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەکو گوگڵ بەکاردێ و لە هەموو مۆدیلەکانی ئەندرۆیدی نوێ گوگڵ بەکاردێ وەکو (Google design) و(Google developers) ، ئەو شـێوازە زۆر جیاواز نییە لەگەڵ نەخشەسازیی ڕووکار، تەنها ئەم شێوازەیان پابەندە بە هەندێك پێوەری جیا لەوەی دیکە، کە مەرج نییە ڕووکاری بن (فاخوري، 2015).

**3-مەرجی نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە:** (حسن، 2018، ص 95-98)

-نەخشـەسازیی پۆرتاڵەکە لەگەڵ جۆری ڕۆژنامە بگونجێت. و دانانی لۆگۆو مینیوەکە (گەردن) لە شوێنی جێگیر و پێشبینیکراودا دابنرێ.

أ-لاپەڕەی سـەرەکی پێویسـتە زانیاری پەیوەندیکردن و مێژوو و کاتژمێرو تازەکردنەوەی ناوەڕۆکی پۆرتاڵەکە لەخۆبگرێت.

ب-لۆگۆی بەکارهێنراو پێویستە بە ڕوونی گوزارشت لە جۆری پۆرتاڵەکە (ئیسلامی- بازرگانی - پەروەردەیی- کۆمەڵایەتی- سیاسی- گشتی- هەواڵ) بکات.

ج-وەسـفێکی کورت بۆ پۆرتاڵەکە دروسـت بکرێت، بۆ ئەوەی لە خانەی گەڕاندا دەربکەوێت. و هەروەها دانانی ئایکۆنی گەڕانەوە بۆ لاپەڕەی سەرەکی لە کۆتایی لاپەڕە درێژەکاندا.

د-گرنگیـدان بە پۆرتـاڵـەکـە بۆ توانـاکـانی بەکـارهێنەرانی جیـاواز و ئەزموونی زانیـاری و لێهاتووییان بە دابینکردنی بەستەری یارمەتی لە هەموو لاپەڕەکانی وێبسایتەکەدا: بەستەر بۆ یارمەتی.

هـــ-پۆرتاڵ زۆر قەرەباڵغ نەبێت و درێژ نەبێ بەشـێوەیەکی زیاد لە پێویسـت. و کورتەیەك لە گرنگترین هەواڵ و ڕووداوەکان بە پوختی لەلاپەڕەی سەرەکی دابنرێت.

و-پانتایی بۆشایی یاخود بۆشایی سپی بوونی هەبێت تاکو بابەتەکان جیا بکرێتەوە، یاخود بە بوونی هێڵ جیا بکرێنەوە.

ز-کردنەوەی پۆرتاڵ بە ماوەیەکی کەم، چونکە دواکەوتن لە کردنەوەی پۆرتاڵ دەبێتە هۆی بێزاربوونی بەکارهێنەر.

تویژەران لەسەر رۆشنایی ئەو چەند خاڵەدا پێیان وایە مەرجە لە نەخشەسازیی جۆری رۆژنامە لەگەڵ نەخشەسازیی پۆرتاڵەکە بگونجێت و لۆگۆی بەکارهێنراو پێویستە بە ڕوونی گوزارشت لە جۆری پۆرتاڵەکە بکات، و (گەردن) لە شوێنی جێگیری گونجاو بێت، ولاپەڕەی سەرەکی پێویستە زانیاری پەیوەندیکردن و مێژوو و کاتژمێرو تازەکردنەوەی ناوەڕۆکی پۆرتاڵەکە لەخۆبگرێت. پۆرتاڵ وەسفێکی کورت لەخۆبگرێت، و دابینکردنی بەستەری یارمەتی لە هەموو لاپەڕەکانی وێبسایتەکەدا: بەستەر بۆ یارمەتی. پۆرتاڵ زۆر قەرەباڵغ نەبێت و کورتەیەك لە گرنگترین هەواڵ و ڕووداوەکان بە پوختی لەلاپەڕەی سەرەکی دابنرێت. بۆشایی یاخود بە بوونی هێڵ جیا بکرێنەوە. و کردنەوەی پۆرتاڵ بە ماوەیەکی کەم، چونکە دواکەوتن لە کردنەوەی پۆرتاڵ لەلای بەکارهێنەر پەسند نییە.

## 4- یاسا نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامە:

کۆمەڵێك یاساو ڕێسای تایبەت هەن، دەبێت نەخشەساز لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەی ڕەچاویان بکات لەپێناو نەخشەسازییەکی باشی پۆرتاڵ، ئەویش بریتین لە:

أ-مەرجە پۆرتاڵ لیستی ستوونی و ئاسۆیی هەبێت و زانیاری چڕی لەخۆ گرتبێت و لەنێو بابەتەکان وشە کلیلەکانی بوونیان هەبێت و ناونیشانی کورت ئاماژە بن بۆ قەبارەی نووسینی کورت کورت. و لەسەر نەخشەسازە ڕێژەیەکی زۆری بەکارهێنەران ڕازی بکات لە بەرەوپێشچوونی لایەنی ئەرکی و جوانکاری پۆرتاڵەکە.(Eccher,2004)

ب-پۆرتاڵ دەبێت دەرفەتی کۆپیکردن و عەمبارکردن (حفظ) و ناردنی هەر بابەت و هەواڵێکی هەبێت. و گرنکە خانەی (یارمەتی) فەراهەم بکرێت بۆ بەکارهێنەر، کاتێ دووچاری کێشەیەك دەبێتەوە. نەخشەسازیی باش یارمەتیدەرە بۆ خێرایی و ئاسان کردنەوەی پۆرتاڵ، بۆیە دەبێت تێکەڵەیەکی گونجاو و هاوسەنگ لەنێوان ناوەڕۆك و شێواز دروست بکەن. (الفیصل، 2005).

ج-ئاگاداربوون لە ڕوونەدانی هەر هەڵەیەك لە شێوەی نەخشەسازییکردن. و دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی نێو پۆرتاڵەکە، کە دەبێتە هۆی قورسی کردنەوەی بەڕووی بەکارهێنەردا (صادق، 2003).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

د-ئاسانکاری بۆ بەکارهێنەر لە گەڕان و گواستنەوە لە نێو لاپەڕەکانی پۆرتاڵ بە بێ کێشە ئەنجام بدرێت (الدين، 2008).

هـ-بەکارهێنانی مێژوو و کاتژمێر بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ بەکارهێنەر. و هەروەها لینك، مەرجە بوونی هەبێت بۆ بەستنەوەی زانیاری دیکەی زیاتر بە زانیارییەکەی بەردەستت (صادق، 2003).

بێگومان سەرجەم ئەو مەرج و داواکارییانەی کەوتۆتە سەر شانی نەخشەساز، زیاتر بۆ دەوڵەمەندکردنی پۆرتاڵی ڕۆژنامەکەیە و کردنەوەی خێرای پۆرتاڵەکە و بەبێ دواکەوتن، تاکو بەکارهێەر ئارەزووی مانەوەی هەبێت لەسەر پۆرتاڵەکە، و خزمەتگوزاری گەڕان و کۆپیکردن و ناردنی ئیمێڵ بۆ کەسێکی دیکە و عەمبارکردنی زانیارییەکە بەردەست بێت، و هەروەها هاوسەنگی لە نەخشەسازیی هەبێت لە خستنەڕووی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاسان و تەواوکار لە ڕووی زانیاری و وێنەو و هێڵ و ڕەنگ و خشتە و نەخشە و زانیاری زیاتر لە ڕێگەی هایپەر لینکەوە (بەستەر) و گواستنەوی بەکارهێنەر لە لاپەڕەیەك بۆ لاپەڕەیەکی دیکە، و هەروەها نەخشەساز دەبێت پۆرتاڵ مەرجی تازەکردنەوەی زانیارییەکان و تێبینی و کۆمێنت نووسینی بەکارهێنەر لەسەر تەواوی بابەت و تەنانەت پۆرتاڵەکە فەرامۆش نەکات، بەڵکو بەشێکی گرنگی سەرکەوتنی پۆرتاڵەکەیە.

## 5- شێوازی خستنەڕووی لاپەڕەی سەرەکی نەخشەسازیی پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا

أ-شێوازی یەکەی ئەلیکترۆنی: ئەم شێوازە بریتیە لە خستنەڕووی کورتەی بابەت یاخود ئەو هەواڵانەی لە لاپەڕەی سەرەکیدان لەگەڵ وێنەیەك تایبەت بە هەواڵەکەو لە پەرەگرافێك زیاتر نییە، و لەکۆتایی پەرەگرافەکە بەستەرێك (هایپەرلینك)ێك هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر بەکارهێنەر ویستی تەواوی هەواڵ و بابەتەکە بخوێنیتەوە، زۆر لە پۆرتاڵەکان ئەم شێوازە بەکار دەهێنن، چونکە مەبەستی بەکارهێنەر ئاسانتر دەکات، لەگەڵ خوێندنەوەی کورتەیەك لەو هەواڵ و زانیارییانە، ئەوا کلیك لەسەر ئەو بابەت و هەواڵانە دەکات، کە خۆی مەبەستیەتی (مؤيد، 2010، ص26).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب-شێوازی دەروازە: ئەم شێوازە بریتیە لە خستنەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە ناونیشانی بابەت و هەواڵەکان، بێ ئەوەی کورتەیەکیان لەگەڵ بخرێتەڕوو، تەنها ناونیشانەکانیان لەگەڵ بەستەرێك (هایپەرلینك)ێك، بۆ ئەوەی بەکارهێنەر ویستی تەواوی هەواڵ و بابەتەکە لەلاپەڕەیەکی جیاواز بخوێنیتەوە (العنزي، 2007، ص113).

ج-شێوازی تێکەڵاو: ئەم شێوازە بریتیە لە تێکەڵاوییەك لەنێوان شێوازی یەکەی ئەلیکترۆنی و شێوازی دەروازە، بڕێك لە هەواڵ و بابەت و زانیارییەکان لە لاپەڕەی سەرەکی بەناونیشان و وێنەو کورتەیەك لە هەواڵەکە بە بەستەرێکەوە دەخرێتەڕوو، و برێکی دیکە لەخستنەڕووی هەواڵ و بابەتەکان تەنها ناونیشانەکانیان لەگەڵ بەستەرێکدایە، بەکارهێنان دەتوانێ کلیك لەسەر بەستەرەکەدا بکات بۆ ئەوەی تەواوی زانیارییەکانی دەست کەوێت (مؤيد، 2010، ص 27-28).

توێژەران وای دەبینن، شێوازی تێکەڵاو گونجاوترین شێواز بێت لە نەخشەسازییکردنی پۆرتاڵی ڕۆژنامە، بە نەخشەسازییکردنی ئەو شێوازە، لەبەر ئەوەی جووڵەیەك دەداتە پۆرتاڵەکان، هەروەها توێژەران گریمانەی ئەوە دەکات لەدوای شیکاری شێوەو بەراوردکاری هەر سێ پۆرتاڵی بە نموونە وەرگیراو، ئەم شێوازە لەهەر سێ پۆرتاڵدا ڕەنگ بداتەوە.

## لایەنی مەیدانی:

### 1- دەستەکانی پۆرتاڵی (خەبات) لە هەفتەکانی وەرگیراوی مانگەکانی 1-2-3 ساڵی 2025

خشتەی (1): دەستەکانی پۆرتاڵی (خەبات) هەفتەکانی مانگەکانی 1-2-3ی ساڵی 2025

| پۆرتاڵی خەبات | دووبارەی مانگی 1 | دووبارەی مانگی 2 | دووبارەی مانگی 3 | کۆی 3 مانگ | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڤیدیۆ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| دەنگ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| وێنەی لاکێشە گەورە | 126 | 126 | 126 | 378 | 38% | یەکەم |
| وێنەی لاکێشە بچووك | 84 | 84 | 84 | 252 | 25% | دووەم |
| وێنەی لاکێشە ستوونی | 49 | 49 | 49 | 147 | 15% | سێیەم |
| وێنەی بازنەیی | 35 | 35 | 35 | 105 | 10% | چوارەم |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وێنەی چوار گۆشە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| بلۆگی ڕەنگی (ئەرزییەت) | 35 | 35 | 35 | 105 | 10% | چوارەم |
| کاریکاتیر/ یەکەیەك بەتەنها | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| ریکلام | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| یاری هزری/ کات بەسەربردن | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| لۆگۆ | 7 | 7 | 7 | 21 | 2% | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 336 | 336 | 336 | 1008 | 100% | |

لەخشــتەی (1)، ئەنجامی شـیکردنەوەی پۆرتاڵی خەباتی لەماوەی ڕۆژانەی هەفتەی مانگەکانی کانوونی دووەم و شــوبات و ئازاری ســـەرەتای ســـاڵی 2025 خراوەتەڕوو، پۆرتاڵی ناوبراو بەدرێژایی ئەو هەفتانەی، شـیکاری شـێوەو بەراوردکاریان بۆ کراوە بەم شـێوەیە بووە. بە پلەی یەکەم وێنەی لاکێشـەی گەورە بە شـێوەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە، ڕێژەی تێکڕاکەی (38%)ە، و دەکاتە 378 وێنەی لاکێشەی گەورەی لەنێو توخمەکانی لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵەکە، بە پلەی دووەم وێنەی لاکێشــەی بچووکە و ڕێژەی تێکڕاکەی (25%)، و دەکاتە 252 وێنەی لاکێشــەی قەبارە بچووك لەنێو لاپەڕەی ســەرەکی پۆرتاڵەکە، و بە پلەی ســێیەم وێنەی لاکێشــەی شــێوە ستوونییە، ڕێژەی تێکڕاکەی (15%)ە، و دەکاتە 147 وێنەی لاکێشەی ستوونی لەنێو لاپەڕەی ســەرەکی پۆرتاڵەکە، و بە پلەی چوارەم وێنەی بازنەییە، ڕێژەی تێکڕاکەی (10%)ە، و دەکاتە 105 وێنەی لاکێشـەی سـتوونی لەنێو لاپەڕەی سـەرەکی پۆرتاڵەکە، و هەروەها بە هەمان پلە و ڕێژەو ژمارە بلۆگی ڕەنگی بەکارهاتووە.

جێی سـەرنجە، لە هەفتەی دەسـتکردنی هەر سـێ مانگی وەرگیراو وەکو سـامپڵی توێژینەوە، پۆرتاڵی خەبات هیچ لە (ریکلام، کاریکاتێر، دەنگ، ڤیدیۆ، یاری هزری)ی بەکار نەهێناوە، لە کاتێکدا دەکرا ئەو پۆرتاڵە سوود لە ئامرازەکانی ماڵتیمیدیای فرەپەخش وەرگرێت بۆ ڕاکێشانی زیاتری بەکارهێنەران، بۆیە بە بۆچوونی توێژەران توانایەکی زۆری ماڵتیمیدیا لەنەخشەسازیی پۆرتاڵی خەبات بێ سوود وەرگرتن فەرامۆش کراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2- دەستەکانی پۆرتاڵی (الشرق الاوسط) لە هەفتەکانی وەرگیراوی مانگەکانی 1-2-3 ساڵی 2025**

خشتەی (2) دەستەکانی پۆرتاڵی (الشرق الاوسط) هەفتەکانی مانگەکانی 1-2-3ی ساڵی 2025

| پۆرتاڵی الشرق الأوسط | دووبارەی مانگی 1 | دووبارەی مانگی 2 | دووبارەی مانگی 3 | کۆی 3 مانگ | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڤیدیۆ | 49 | 93 | 74 | 216 | 16% | سێیەم |
| دەنگ | 35 | 35 | 35 | 105 | 8% | چوارەم |
| وێنەی لاکێشە گەورە | 183 | 160 | 165 | 508 | 38% | یەکەم |
| وێنەی لاکێشە بچووک | 91 | 73 | 83 | 247 | 19% | دووەم |
| وێنەی لاکێشە ستوونی | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| وێنەی بازنەیی | 28 | 28 | 28 | 84 | 6% | پێنجەم |
| وێنەی چوار گۆشە | 14 | 14 | 14 | 42 | 3% | حەوتەم |
| بلۆگی ڕەنگی (ئەرزیەت) | 14 | 21 | 14 | 49 | 4% | شەشەم |
| کاریکاتێر/ یەکەیەك بە تەنها | 7 | 7 | 7 | 21 | 2% | هەشتەم |
| ریکلام | 9 | 10 | 0 | 19 | 1% | نۆیەم |
| یاری هزری– کات بەسەربردن | 14 | 14 | 14 | 42 | 3% | حەوتەم |
| لۆگۆ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| کۆی گشتی | 444 | 455 | 434 | 1333 | 100% | |

لە خشتەی (2)، ئەنجامی شیکردنەوەی پۆرتاڵی (الشرق الاوسط) لەماوەی ڕۆژانەی یەك هەفتەی مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات و ئازاری سەرەتای ساڵی 2025 خراوەتەڕوو، پۆرتاڵی ناوبراو بەدرێژایی ئەو هەفتانە بە پلەی یەکەم وێنەی لاکێشەی گەورەی بەکارهێناوە، ڕێژەی تێکڕاکەی (38%)ە، و دەکاتە 508 وێنەی لاکێشەی گەورە لەنێو توخمەکانی لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵەکە، بە پلەی دووەم وێنەی لاکێشەی بچووکە، ڕێژەی تێکڕاکەی (19%)، و دەکاتە 247 وێنەی لاکێشەی قەبارە بچووك لەنێو لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵەکە، و بە پلەی سێیەم بەکارهێنانی ڤیدیۆیە، ڕێژەی تێکڕاکەی (16%)، و دەکاتە 216 ڤیدیۆ لەماوەی ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

هەفتەیە بوونی هەبوو لەنێو لاپەڕەی ســەرەکی پۆرتاڵەکە، و بە پلەی چوارەم بەکارهێنانی دەنگە، ڕێژەی تێکڕاکەی (8%)ە، و دەکاتە 105 دەنگ لەماوەی ئەو هەفتەیە بوونی هەبوو لەنێو لاپەڕەی ســەرەکی پۆرتاڵەکە. و بە پلەی شــەشــەم بەکارهێنانی بلۆکی ڕەنگییە، ڕێژەی تێکڕاکەی (4%)، دەکاتە 49 جار لەو ماوەیەی توێژەران تێبینییان کردووە. و بە پلەی هەشتەم توخمی کاریکاتێر بەکارهێنراوە وەك یەکەیەکی بە تەنها، ڕێژەی تێکڕاکەی (2%)، لەنێو لاپەڕەی ســەرەکی پۆرتاڵەکە، دەکاتە 21 کاریکاتێر و پلەی نۆیەم ڕیکلامە، ڕێژەی تێکڕاکەی (1%)یە و دەکاتە 19 جار.

جێی ســەرنجە ، لە هەر ســێ هەفتەی دەســتکردنی مانگەکانی (1،2،3)ی پۆرتاڵی (الشــرق الاوســط) هەموو توخمەکانی مالتیمیدیای فرەپەخشــی (ریکلام، کاریکاتێر، دەنگ، ڤیدیۆ)ی بەرێژەی جیاجیا بەکار هێناوە لەنێو پۆرتاڵەکەدا. توێژەران پێیان وایە ســەرکەوتوویی لە نەخشــەســازیی پۆرتاڵە نیشــان دەدات، فرەپەخشــە و هەموو ئامرازەکانی مالتیمیدیای بەکارهێناوە.

### 3-دەســتــەکــانی پۆرتــاڵی (the new york times international) لە هــەفــتــەکــانی وەرگیراوی مانگەکانی 1-2-3 ی ساڵی 2025

خشتەی (3): دەستەکانی پۆرتاڵی (the new york times international) هەفتەکانی مانگەکانی 1-2-3ی ساڵی 202

| پلەبەندی | ڕێژەی سەدی | کۆی 3 مانگ | دوبارەی 3 مانگی | دوبارەی 2 مانگی | دووبارەی 1 مانگی | پۆرتاڵی The New York Times |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێنجەم | 3% | 54 | 33 | 19 | 2 | ڤیدیۆ |
| | 0% | 0 | 0 | 0 | 0 | دەنگ |
| سێیەم | 24% | 480 | 100 | 113 | 267 | وێنەی لاکێشە گەورە |
| یەکەم | 33% | 677 | 254 | 258 | 165 | وێنەی لاکێشە بچووک |
| حەوتەم | 1% | 11 | 0 | 2 | 9 | وێنەی لاکێشە ستوونی |
| حەوتەم | 1% | 22 | 10 | 8 | 4 | وێنەی بازنەیی |
| دووەم | 28% | 567 | 164 | 252 | 151 | وێنەی چوار گۆشە |
| شەشەم | 2% | 37 | 20 | 14 | 3 | بلۆگی ڕەنگی (ئەرزیەت) |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەرپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| كاريكاتير/ يەكەيەك بە تەنها | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| ريكلام | 11 | 23 | 29 | 63 | 3% | پێنجەم |
| یاری هزری – کات بەسەربردن | 42 | 42 | 42 | 126 | 6% | چوارەم |
| لۆگۆ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0% | |
| کۆی گشتی | 654 | 731 | 652 | 2037 | 100% | |

لە خشتەی (3)، ئەنجامی شیکردنەوەی پۆرتاڵی (The NewYork Times international) بۆ ماوەی هەفتەی مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات و ئازاری سەرەتای ساڵی 2025 خراوەتەڕوو، بەدرێژایی ئەو هەفتانە بە پلەی یەکەم وێنەی لاکێشەی بچووك بە بەکارهێنراوە، تێکڕای ڕێژەکەی (33%)، و دەکاتە 677 وێنەی لاکێشەی بچووك لەنێو لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵەکە، بە پلەی دووەم وێنەی چوارگۆشەیە، تێکڕای ڕێژەکەی (28%)، و دەکاتە 567 وێنەی چوار گۆشەیە لەنێو لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵەکە، و بە پلەی سێیەم بەکارهێنانی وێنەی لاکێشەیی گەورەیە، تێکڕای ڕێژەکەی (24%)، و دەکاتە 480 وێنە لەماوەی ئەو هەفتانە بوونی هەبوو لەنێو لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵەکە، و بە پلەی چوارەم بەکارهێنانی یاری هزری بەکارهێناوە، ڕێژەکەی (6%)، و دەکاتە 126 جار لەنێو لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵەکە، بە پلەی پێنجەم هەردوو توخمی ڤیدیۆ و ڕیکلام بەکارهێنراوە، تێکڕای ڕێژەکەیان (3%)، دەکاتە 54-63 ڤیدیۆو ڕیکلام بەکارهاتووە لەنێو لاپەڕەی سەرەکی پۆرتاڵەکە.

جێی سەرنجە، لە هەفتەکانی دەستکردی هەر سێ مانگەکە، پۆرتاڵی ناوبراو توخمەکانی مالتیمیدیای فرەپەخشی (دەنگ، کاریکاتێر) بەکار نەهاتووە، تێکڕای ڕێژەکەی (0%)ە، لەنێو پۆرتاڵەکەدا، باشتر بوو بەکار بهێنرایە. توێژەران پێیان وایە پۆرتاڵی (الشرق الاوسط) زیاتر توخمەکانی مالتیمیدیای بەکارهێناوە بە بەراورد بە دوو پۆرتاڵەکەی دیکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4- دەستەکانی هەر سێ پۆرتاڵی (خەبات)، (الشرق الاوسط)، ( the new york times international) لە هەفتەکانی وەرگیراوی مانگەکانی 1-2-3 ی ساڵی 2025**

خشتەی (4): دەستەکانی پۆرتاڵی (خەبات، الشرق الاوسط، The NewYork Times)
سەرجەم هەفتەکانی مانگەکانی 1-2-3ی ساڵی 2025

| دەستەکانی (3) مانگی هەر سێ پۆرتاڵ | پۆرتاڵی خەبات | | پۆرتاڵی الشرق الأوسط | | پۆرتاڵی The New York Times | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| ڤیدیۆ | 0 | 0% | 216 | 16% | 54 | 3% |
| دەنگ | 0 | 0% | 105 | 8% | 0 | 0% |
| وێنەی لاکێشە گەورە | 378 | 38% | 508 | 38% | 480 | 24% |
| وێنەی لاکێشە بچووک | 252 | 25% | 247 | 19% | 677 | 33% |
| وێنەی لاکێشە ستوونی | 147 | 15% | 0 | 0% | 11 | 1% |
| وێنەی بازنەیی | 105 | 10% | 84 | 6% | 22 | 1% |
| وێنەی چوار گۆشە | 0 | 0% | 42 | 3% | 567 | 28% |
| بلۆگی ڕەنگی- ئەرزیە | 105 | 10% | 49 | 4% | 37 | 2% |
| كاریكاتێر/یەكەیەك بە تەنها | 0 | 0% | 21 | 2% | 0 | 0% |
| ریکلام | 0 | 0% | 19 | 1% | 63 | 3% |
| یاری هزر، کات بەسەربردن | 0 | 0% | 42 | 3% | 126 | 6% |
| لۆگۆ | 21 | 2% | 0 | 0% | 0 | 0% |
| کۆی گشتی | 1008 | 100% | 1333 | 100% | 2037 | 100% |

لە خشتەی (4)، هەردوو پۆرتاڵی (خەبات و الشرق الاوسط) بە پلەی یەکەم بایەخیان بە وێنەی لاکێشـــەی قەبارە گەورە داوە لە پۆرتاڵەکانیان بە ڕێژەی (38%)، دوای ئەوە بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی جیاجیا بایەخیان بە دانانی وێنەی لاکێشە بچووک داوە. لە کاتێکدا پۆرتاڵی (Times) بە پلەی یەکەم بایەخی بە وێنەی لاکێشـــەی قەبارە بچووک داوە لە پۆرتاڵەکەیان بە ڕێژەی (33%)، بە پلەی دووەم بایەخیان بە دانانی وێنەی چوارگۆشـــە داوە بە ڕێژەی(28%)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

ســـەبارەت بە بەکارهێنانی ڤیدیۆ و دەنگ لەنێو پۆرتاڵەکاندا، کە ئەو دوو ئامرازە هۆکارێکی گرنگن بۆ زیاتر بەکارهێنان و ســـەردانیکارانی پۆرتاڵەکان، تەنها پۆرتاڵی (الشـــرق الاوســـط) بەپلەی سێیەم بایەخی بە ڤیدیۆ داوە بەرێژەی (16%)، دەکاتە 216 ڤیدیۆ و بە پلەی چوارەم بایەخی بە دەنگ داوە بە رێژەی ( 8%)، دەکاتە 105 دەنگ خراوەتەڕوو لەماوەی شیکردنەوەی شـــێوەی پۆرتاڵەکان لەلایەن  توێژەرانەوە. لەکاتێکدا پۆرتاڵی (خەبات) ڕێژەی بایەخدانی بە ڤیدیۆ و دەنگ لە نێو پۆرتاڵەکەیدا (0%)، دەکاتە سفر. پۆرتاڵی (Times) ڕێژەی بەکارهێنانی ڤیدیۆ (3%)، دەکاتە 54 ڤیدیۆ لەماوەی شـــیکردنەوەی شـــێوەی، و بەکارهێنانی دەنگ (0%)، دەکاتە سفر.

لەم بەراوردکارییەدا، ئاســـتی لاوازو پۆرتاڵی خەبات بەدەرکەوتووە لەڕووی بەکارهینانی دەنگ و ڤیدیۆوە، ڕێژەکەی سفر بووە لەو ماوەیەی وەکو نموونەی توێژینەوە وەرگیرابوو بۆ شکیاری.

## 5-دەســـتەکانی هەر ســـێ پۆرتاڵ لەســـەر شـــێوازو دابەشـــکاری و خســـتنەڕووی زانیارییەکانی پۆرتاڵ

خشتەی (5) پۆرتاڵی (خەبات، الشرق الاوسط، the new york times international) لەسەر شێوازو دابەشکاری و خستنەڕووی زانیارییەکانی پۆرتاڵ

| دابەشکاری نەخشەسازیی پۆرتاڵ | خەبات | | الشرق الأوسط | | The New York Times | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| بەشی (سەرەوە، لەش، خوارەوە) | 21 | 100 | 21 | 100 | 21 | 100 |
| بەشی (سەرەوە، لەش) | _ | _ | _ | _ | _ | _ |
| کۆی گشتی | 21 | 100 | 21 | 100 | 21 | 100 |
| شێوازی نەخشەسازیی پۆرتاڵ | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| دابەشکاری زانیاری بە 5 ستوون | _ | _ | _ | _ | 21 | 100 |
| دابەشکاری زانیاری بە 4 ستوون | 21 | 100 | 21 | 100 | 21 | 100 |
| دابەشکاری زانیاری بە 3 ستوون | 21 | 100 | 21 | 100 | 21 | 100 |
| دابەشکاری زانیاری بە 2 ستوون | _ | _ | _ | _ | 21 | 100 |
| کۆی گشتی | 21 | 100 | 21 | 100 | 21 | 100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| خستنەڕووی شێوازی زانیارییەکان | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بە شێوازی یەکەی ئەلیکترۆنی | _ | _ | _ | _ | _ | _ |
| بەشێوازی دەروزازە | _ | _ | _ | _ | _ | _ |
| بەشێوازی تێکەڵاوی هەردووکی | 21 | 100 | 21 | 100 | 21 | 100 |
| کۆی گشتی | 21 | 100 | 21 | 100 | 21 | 100 |

خشتەی (5)، لە لقی دابەشکاری نەخشەسازیی پۆرتاڵ، هەر سێ پۆرتاڵی بەشێوازی دابەشکاری (سەرەوە، لەش، خوارەوە) نەخشەسازیی کراوە. لە لقی خستنەڕووی شێوازی نەخشەسازیی پۆرتاڵ، هەر دوو پۆرتاڵی (خەبات، الشرق الاوسط)چوار ستوون و سێ ستوون زانیارییەکانیان دابەشکردووە لەناو پۆرتاڵەکە. هەرچی پۆرتاڵی (the new york times international) شێوازی پێنج ستوون و چوار ستوون و سێ ستوون و دوو ستوونی بەکارهێناوە نەخشەسازیی زانیارییەکانی ناو پۆرتاڵەکە. لە لقی خستنەڕووی شێوازی زانیارییەکان، هەر سێ پۆرتاڵ شێوازی نەخشەسازیی (تێکەڵاو)یان بەکارهێناوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی پۆرتاڵەکە.
لێرەدا دەردەکەوێ هەر سێ پۆرتاڵ (خەبات، الشرق الاوسط، times) لەڕووی دابەشکاری نەخشەسازیی پۆرتاڵ و شێوازی نەخشەسازیی و شێوازی خستنەڕووی زانیارییەکان لەیەکترەوە نزیکن، وەك یەکتر وان.

## 6-دەستەکانی هەر سێ پۆرتاڵ لەسەر بەکارهێنانی دەنگ و ڤیدیۆ و پۆدکاست و لایڤی پۆرتاڵ

خشتەی (6) پۆرتاڵی (خەبات، الشرق الاوسط، The NewYork Times)
لەسەر بەکارهێنانی دەنگ و ڤیدیۆ و پۆدکاست و لایڤی پۆرتاڵ

| دەنگ لە پۆرتاڵ | خەبات | الشرق الأوسط | The New York Times |
|---|---|---|---|
| بەکارهاتووە | _ | بەکارهاتووە | بەکارهاتووە |
| بەکارنەهاتووە | بەکارنەهاتووە | _ | _ |
| کۆی گشتی | بەکارنەهاتووە | بەکارهاتووە | بەکارهاتووە |
| ڤیدیۆ لە پۆرتاڵ | خەبات | الشرق الأوسط | The New York Times |
| بەکارهاتووە | _ | بەکارهاتووە | بەکارهاتووە |
| بەکارنەهاتووە | بەکارنەهاتووە | _ | _ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | بەکارنەهاتووە | بەکارهاتووە | بەکارهاتووە |
| پۆدکاست لە پۆرتاڵ | خەبات | الشرق الأوسط | The New York Times |
| بەکارهاتووە | _ | بەکارهاتووە | _ |
| بەکارنەهاتووە | بەکارنەهاتووە | _ | _ |
| کۆی گشتی | بەکارنەهاتووە | بەکار هاتووە | _ |
| لایف لە پۆرتاڵ | خەبات | الشرق الأوسط | The New York Times |
| بەکارهاتووە | _ | _ | _ |
| هەندێجار بەکارهاتووە | _ | _ | بەکارهاتووە |
| بەکارنەهاتووە | بەکارنەهاتووە | بەکارنەهاتووە | _ |
| کۆی گشتی | بەکارنەهاتووە | بەکارنەهاتووە | بەکارهاتووە |

خشتەی (6)، سەبارەت بە (دەنگ، ڤیدیۆ، پۆدکاست)ی بەکارهاتوو لە ناو پۆرتاڵەکان، لە پۆرتاڵی (خەبات) هیچ لەو سێ ئامرازە کاریگەرەی لەپۆرتاڵەکەی بەکارنەهێناوەو فەرامۆشی کردووە، سەبارەت بە پۆرتاڵی (الشرق الاوسط)، هەر سێ ئەو ئامرازانەی (دەنگ، ڤیدیۆ، پۆدکاست)ی بەکارهێناوە لە ناو پۆرتاڵەکان، پۆرتاڵی (The NewYork Times international)بەتەنها هەر دوو ئامرازی (دەنگ و ڤیدیۆ)ی بەکارهێناوە لە پۆرتاڵەکەدا، پۆدکاستی بەکارنەهێناوە. سەبارەت بە (لایف)ی بەکارهاتوو لە ناو پۆرتاڵەکان، لە پۆرتاڵی (خەبات) و پۆرتاڵی (الشرق الاوسط)، (لایف)یان بەکارنەهێناوە لەماوەیەی کاری لەسەر کراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، لەکاتێکدا پۆرتاڵی ( The NewYork Times international) ماوە ماوە لایڤی بەکارهێناوە، لەو هەفتە دەستکردانەی توێژەران وەریگرتوون وەکو نموونە، پۆرتاڵی تایمز (3) جار لایڤی بەکار هێناوە، لە ڕێکەوتی (2025/2/13، 2025/3/18، 2025/3/19).

لەئەنجامی شیکردنەوەی ئەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە پۆرتاڵی خەبات، بێ توانایی و خۆی نیشان داوە لە بەکارنەهێنانی ئامرازەکانی خزمەتگوزاری دەنگ و ڤیدیۆو پۆدکاست و لایف، کە ئەم سێ چوار توخمە کاریگەری زۆری لەسەر دەوڵەمەندی پۆرتاڵەکە دەخاتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7- دەستەکانی هەر سێ پۆرتاڵ لەسەر زمانە جیاجیاکان و سەردانیکاران و ڕانکی پۆرتاڵ

خشتەی (7) پۆرتاڵی (خەبات، الشرق الاوسط، The NewYork Times)
لەسەر زمانە جیاجیاکان و سەردانیکاران و ڕانکی پۆرتاڵ

| بەکارهێنەران لەمانگی1 | خەبات | الشرق الأوسط | The New York Times |
|---|---|---|---|
| بەکارهێنەران بە مۆبایل | 37%،97 | 67%،85 | 30%،66 |
| بەکارهێنەران بە دیسك تۆپ | 63%،2 | 33%،14 | 70%،33 |
| بەکارهێنەران بەگشتی پۆرتاڵ | 17,969 | 4,598,000 | 671,100,000 |
| ڕانکی ناوچەیی/ جیهانی | خەبات | الشرق الأوسط | The New York Times |
| ڕانکی ناوچەیی | 8,761 | 336 | 18 |
| ڕانکی جیهانی | 1,717,260 | 1,674 | 73 |

خشتەی (7)، سەبارەت بە خانەی سەردانیکاران، توێژەران بەهۆی بەرنامەی (pro.similarweb.com) توانیان تێستێکت بۆ مانگی کانوونی دووەمی سەردانیکەرانی پۆرتاڵی خەبات بکەن و ڕێژەکەی بریتی بوو لە(17،969) سەردانیکار. و سەردانیکاران بە مۆبایل (%97،37) بوونە، و بە دیسك تۆپ (%2،63) بوونە. و هەر بە هەمان بەرنامە ڕانکی پۆرتاڵی خەبات زانراوە، ڕانکی ناوچەیی بریتی بووە لە (8،761) و ڕانکی جیهانی بریتی بووە لە (1،717،260)، کە ژمارەیەکی زۆر زۆرە. سەبارەت بە خانەی سەردانیکاران، و بەهۆی بەرنامەی (pro.similarweb.com) توانراوە تێستێکت بۆ مانگی کانوونی دووەمی سەردانیکەرانی پۆرتاڵی (الشرق الاوسط) بکرێت و ڕێژەکەی بریتی بووە لە(4،598،000) سەردانیکار. و سەردانیکاران بە مۆبایل (%85،67) بوونە، و بە دیسك تۆپ (%14،33) بوونە. و هەر بە هەمان بەرنامە توانراوە ڕانکی پۆرتاڵ بزانێت، ڕانکی ناوچەیی بریتی بووە لە (336) و ڕانکی جیهانی بریتی بووە لە (1،674)، کە ژمارەیەکی زۆرە.

سەبارەت بە خانەی سەردانیکاران، بەهۆی بەرنامەی (pro.similarweb.com) توانراوە تێستێکت بۆ مانگی کانوونی دووەمی سەردانیکەرانی پۆرتاڵی ( The NewYork Times international) بکرێت و ڕێژەکەی بریتی بوو لە (671،100،000) سەردانیکار. و سەردانیکاران بە مۆبایل (%66،30) بوونە، و بە دیسك تۆپ (%33،70) بوونە. و هەر بە

هەمان بەرنامە توێژەران توانیان ڕانکی پۆرتاڵی بزانن، ڕانکی ناوچەیی بریتی بووە لە (18) و ڕانکی جیهانی بریتی بووە لە (73)، کە ژمارەیەکی زۆر باشە.

بێگومان ڕانکی هەرێمی یاخود ناوچەیی و جیهانی، ئاماژەن بۆ ڕێژەی بەکارهێنەرو سەردانیکاران بۆ پۆرتاڵەکە. پۆرتاڵی خەبات پێویستە بایەخێکی زیاتر و باشتر بە پۆرتاڵەکەی بدات، تاکو ڕێژەی سەردانیکاران و ڕانکی جیهانی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، چونکە بەپێی ئەو شیکارییانە بێت ئێستا ئەو پۆرتاڵە لەئاستێکی زۆر خراپ و لاوازدایە، و هەروەها لەڕووی زمانی جیاوازەوە، توێژەر دیسانەوە تێبینی لەسەر پۆرتاڵی خەبات هەیە، کە لەو ڕووەوەش ئەو پۆرتاڵە لاوازەو تەنها بە زمانی (کوردی سۆرانی و کرمانجی) بەردەستە.

## ئەنجامەکان:

لە کۆتاییدا توێژەران گەیشنە ئەم ئەنجامانە:

1-سەبارەت بە ڕادەی پشت بەستنی هەر سێ پۆرتاڵی وەرگیراو لە توێژینەوەکە، بە تەکنیك و پێوەرەکانی نەخشەسازی:

-پۆرتاڵی خەبات: بە ڕادەیەکی لاواز پشتی بە تەکنیکە نوێیەکانی نەخشەسازیی بەستووە.

-پۆرتاڵی (الشرق الأوسط): زیاتر گرنگی بە نەخشەسازیی داوە و تەکنیکی نوێتری بەکارهێناوە.

-پۆرتاڵی (The NewYork Times international): ئاستێکی بەرزی بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکانی نەخشەسازیی بەکارهێناوە.

2-سەبارەت بە زانینی چ جۆرە شێوازێکی نەخشەسازیی پیادەکراوە لە هەر سێ سامپڵی پۆرتاڵی ڕۆژنامەدا.

- خەبات: شێوازێکی سادە و کلاسیکی و جێگیری هەیە، هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی تێدا نابینرێ.

-(الشرق الأوسط): شێوازی فلات دیزاینی بەکارهێناوە، لە ڕوونی و سادەیی و بۆشایی (سپێسی سپی) زۆر کردۆتەوە..تد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

-(The NewYork Times international): بە هەمان شێوە، فلات دیزاینی بەکارهێناوە و جەختی لەسەر ڕوونی و سادەیی و بەکارهێنانی بۆشایی (سپێسی سپی) زۆر و ڕەنگی کەم لەناونیشانەکان و دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی.

3- بۆ زانینی پێکهاتە گشتییەکانی هەر سێ پۆرتاڵی وەرگیراو:

هەرسێ پۆرتاڵ پێکهاتەکەیان وەکو یەکە لەبەکارهێنانی (بەشی سەرەوە، لەش، بەشی خوارەوە) تەنها جیاوازی لە ڕێکخستن دابەشکردنی بابەتەکاندا هەیە.

4- زانینی ڕادەی بەرکاهێنانی هەر یەك لەو پۆرتالانە لەئامرازەکانی ماڵتیمیدیا:

- خەبات: بەکارهێنانی سنووردارە، زیاتر پشت بە وێنەی و تێکست دەبەستێت.

-(الشرق الأوسط): پۆرتاڵێکی سەروی مامناوەندە، پشت بە بەکارهێنانی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ و پۆدکاست دەبەستێت.

-(The NewYork Times international): بەکارهێنانی بەرفراوان، وێنە، دەنگ، ڤیدیۆ، گرافیك و و لایڤ دەبەستێت.

5-سەرادن و ڕانکی ناوچەیی و جیهانی:

-ڕانکی ناوچەیی و جیهانی خەبات بریتیە لە (8،761) و ڕانکی جیهانی بریتی بوو لە (1،717،260)، کە ژمارەیەکی زۆر زۆرە.

-ڕانکی ناوچەیی و جیهانی پۆرتاڵی الشرق الاوسط بزانێت، ڕانکی ناوچەیی بریتیە لە (336) و ڕانکی جیهانی بریتی بوو لە (1،674)، کە ژمارەیەکی زۆر زۆرە.

-ڕانکی ناوچەیی و جیهانی (The NewYork Times international) بریتیە لە (18) و ڕانکی جیهانی بریتی بوو لە (73)، کە ژمارەیەکی زۆر باشە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرەنجام:

-پۆرتاڵی خەبات:

1- بە ڕادەیەکی لاوازو کەم پشتی بە تەکنیکە نوێیەکانی نەخشەسازیی لە پۆرتاڵەکەیدا بەستووە.

2- شێوازێکی سادە و کلاسیکی و جێگیری هەیە لەنەخشەسازیی پۆرتاڵەکەو، لەماوەی شیکارییەکەدا هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی تێدا نەبینراوە.

3- لەبارەی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ماڵتیمیدیا، بەکارهێنانی سنووردارە، زیاتر پشت بە وێنەی و تێکست دەبەستێت.

4- سەردانیکاران و رانکی ناوچەیی و جیهانی پۆرتاڵی خەبات زۆر کەمە بە بەراورد دوو پۆرتاڵەکەی دیکە، زۆر لەپاشەوەیە.

-هەردوو پۆرتاڵی (الشرق الاوسط و The NewYork Times international):

لەئاستێکی بەرزن لەبارەی پشت بەستنیان بە تەکنیکە نوێیەکانی نەخشەسازیی و هەروەها پشتیان بە بەکارهێنانی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ و پۆدکاست بەستووە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: کتێبی عەرەبی:

ابورستم, ر. م .(2023) .التصميم للصفحات الالكترونية .عمان: دار الايام للنشر و التوزيع، ط1.

الاسعد, ج. ف .(2011) .معجم مصطلحات علم الاجتماع .بيروت: ط1 دار البحار, بيروت.

امام, ا .(1957) .فن الاخراج الصحفي .القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

بيلي, ف) .بلا .(معجم بلاك ويل للعلوم السياسية .بلا: بلا.

ثابت, أ. ر ,2024) .يناير .(اخراج و تصميم العناصر البنائية التقليدية في الصفحة الرئيسة لمواقع الصحف الالكترونية الفلسطينية .المجلة الليبية لبحوث الاعلام, العدد 86.4 ,

الجنابي, م .(2012) .فلسفة الهوية الوطنية العراقية .بغداد: ط1, دار عدنان.

الحسن, د. ا) .بلا .(معجم علم الاجتماع .بلا: بلا.

الحنفاوي, م .(2014) .بدايات الفن الصحفي .القاهرة: دار العالم والايمان.

خوخه, ا. ف .(2010) .الاخراج الصحفي و الصحافة الالكترونية .الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

الخيون, ر) .بلا .(المجتمع العراقي تراث التسامح والتكاره .بلا: بلا.

سعيد, ا. ك .(2008) .اثر التعددية الاثنية على الوحدة الوطنية في العراق .السليمانية: ط1, مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.

شرارة, و .(2014) .العراق مثالا وحنا بطاطو نموذجا .بيروت: ط1 دار اشكال الوان.

شعبان, ع. ا .(2010) .جدل الهويات في العراق – الولة والمواطنة .بيروت: ط1 , الدار العربية للعلوم.

الشمالية, م. ع .(2015) .الصحافة الالكترونية الرقمية .عمان: دار الاعصار العلمي.

شومان, م .(2004) .الصحف الالكترونية العربية، دراسة تطبيعية على صحيفة ايلاف .القاهرة: المجلة المصرية لبحوث الاعلام، بكلية الاعلام، جامعة القاهرة.

صادق, ع. م., 2003. صحافة الانترنيت- قواعد النشر الالكتروني الصحفي الشبكي. ابو ظبي: ط1، دار الظفرة للطباعة و النشر.

صالح, ق. ح .(2007) .المجتمع العراقي تحليل سيكوسوسيولوجي لماحدث ويحدث .بيروت: ط1 الدار العربية للعلوم.

العباوي, د. ب .(2010) .الصحافة الالكترونية و بنيتها على شبكة الانترنيت .جدة: ط1، مكتبة الملك فهد الوطنية اثناء النشر.

العنزي, ص. ب .(2007) .اخراج الصحف السعودي الالكترونية في ضوء المسات الاتصالية لشبكة الانترنيت، دراسة ماجستير .السعودية: كلية الدعوة و الاعلام، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية.

العينجي, د .(2013) .التحضر في المجتمع العراقي في ضوء فرضية الدكتور علي الوردي في الانتقال من البداوة الى الحضارة .بلا: ط1 , دار ميزوبوتاميا.

ف. ع., ه. د & .,النعيمي, ت .(2006) .: .الاثنية والدولة – الاكراد في العراق وايران وتركيا .بيروت: ط1 , معهد الدراسات الاستراتيجية.

الفيصل,ع., 2005. الصحافة الالكترونية في الوطن العربي. عمان: ط1، دار الشرق.

القادرى و اخرون, د. س .(1991) .الفنون الصحفية .بغداد: دار الحكمة.

لبد,ع. م .(2014) .اخراج المواقع الصحف الفلسطينية اليومية على شبكات الانترنيت .غزة: قسم الصحافة، كلية الاداب، الجامعة الاسلامية، فلسطين.

محمد, د. م .(2008) .سوسيولوجيا الأزمة المجتمع العراقي نموذجا دراسة نظرية .بيروت: ط1, دار العارف للمطبوعات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مصطفى, أ. ع .(2009) .الأمن الإنساني والمتغيرات المجتمعية في العراق تحليل سوسيولوجي . بيروت: ط1, دار العارف للمطبوعات.

مصطفى, د. ي .(2009) .الأمن الإنساني والمتغيرات المجتمعية في العراق- تحليل سوسيولوجي . بيروت: ط1 , دار العارف للمطبوعات.

معتوق, ف) .بلا .(معجم العلوم الاجتماعية .بيروت: ط1, دار اكاديميا.

موسى, ب. ح .(2015) .فن الاخراج الصحفي لمواقع الجرائد الالكترونية .عمان: ط1، دار غيداء للنشر و التوزيع.

مؤلفين, م .(2006) .المجتمع العراقي حفريات سوسيولوجية في الاثنيات والطوائف والطبقات . بيروت: ط1, معهد الدراسات الاستراتيجية.

مؤيد, ه., 2010. تاثير الاساليب الاخراجية للصحف الالكترونية على تذكر الطلاب للمحتوى الصحفي المقد بها, دراسة دكتوراه غير منشورة- جامعة المنصورة, مصر: دراسة شبه تجريبية على عينة من طلاب الجامعة المنصورة.

النجار, س. غ .(2003) .تكنولوجيا الصحافة في عصر التقنية الرقمية .القاهرة: المكتبة الاعلامية، ط1، الدار المصرية اللبنانية.

نجدات, ع .(2002) .الاخراج الصحفي، اتجاهاته و مبادئه و العوامل المؤثرة فيه و عناصره .الاردن: مؤسسة حمادة للنشر و التوزيع، ط1.

الهاشمي, ا. ح .(2011) .الدكتور علي الوردي ودراسة المجتمعين العراقي والعربي .سوريا: ط1 , دار مسارات.

هنطش, م. ا .(1994) .مبادىء التصميم .الاردن: دار المستقبل للنشر و التوزيع.

الوشاح, ا. ط .(2019) .الاقليات في العراق .بغداد: ط1, دار محررو الكتب.

ياسين, ب .(2010) .شخصية الفرد العراقي – ثلاث صفات سلبية خطيرة التناقض . التسلط . الدموية .اربيل: ط1 , دار آراس , أربيل.

## دووەم: کتێبی ئینگلیزی:

Eccher, C .H .E .& .S .E., 2004 .Professional Web Design; Techniques and Templates, 2nd ed .USA: Charls River Media.
RICHARD CRAIG, O. (2005). Journalism Reporting Writing and Editing for New media. USA: Holly J. Allen.

## سێیەم: پێگەی ئەلیکترۆنی:

1. ,2P. ا .(2023, اكتوبر 25). (استكشف أهم 10 معايير لـ تصميم المواقع الإلكترونية. Retrieved .
2 fromبي للعلاقات العامة و التسويق الرقمي :
https://2p.ae/ar/%D9%85%D8%B9%D8%A7%D9%8A%D9%8A%D8%B1-%D8%AA%D8%B5%D9%85%D9%8A%D9%85-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D8%A7%D9%82%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%84%D9%83%D8%AA%D8%B1%D9%88%D9%86%D9%8A%D8%A9/
2. ادمين .(2024, 12 18). ماهؤ الموقع الالكتروني. Retrieved from نظرة الحلول و المستقبل لخدمات الاعمال-: https://fvs.com.sa/%d9%85%d8%a7-%d8%a7%d9%84%d9%85%d9%82%d8%b5%d9%88%d8%af-%d8%a8%d8%a7%d9%84%d9%85%d9%88%d9%82%d8%b9-%d8%a7%d9%84%d8%a7%d9%84%d9%83%d8%aa%d8%b1%d9%88%d9%86%d9%8a%d8%9f/
3. الحداق, ا .(2024, 12 27). *أهم 5 معايير لتصميم المواقع الالكترونية*. Retrieved from الحداق لتقنية المعلومات-: https://www.alhaddaq.com/%D8%A3%D9%87%D9%85-%D9%85%D8%B9%D8%A7%D9%8A%D9%8A%D8%B1-%D8%AA%D8%B5%D9%85%D9%8A%D9%85-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D8%A7%D9%82%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AA%D8%B1%D9%88%D9%86%D9%8A%D8%A9/
4. ريحان, ع., 2023. تصميم موقع إلكتروني شخصي: المتطلبات والأهداف والمخاطر وكيفية الإنشاء. [Online]
Available at: https://zamn.app/blog/%D8%AA%D8%B5%D9%85%D9%8A%D9%85-%D9%85%D9%88%D9%82%D8%B9-%D8%B4%D8%AE%D8%B5%D9%8A/
5. فاخوري, ع .(2015, مايو 22). (هل التصميم المسطح (Flat design) معيارٌ وُجِد ليدوم؟ .
Retrieved fromاكاديمية حسوب :
https://academy.hsoub.com/design/general/%d8%a7%d9%84%d8%a7%d8%ae%d8%aa%d9%84%d8%a7%d9%81%d8%a7%d8%aa-%d9%85%d8%a7-%d8%a8%d9%8a%d9%86-%d8%a7%d9%84%d8%aa%d8%b5%d8%a7%d9%85%d9%8a%d9%85-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

%d8%a7%d9%84%d9%85%d8%b3%d8%b7%d9%91%d8%ad%d8%a9-flat-design-%d9%88-%d8%
6. مطر, ا. م (2011, سبتمبر 12). الفروق بين الصحافة الورقية والاليكترونية. Retrieved from :
الاكاديمية الفلسطينية للاعلام/https://palestinemedia.wordpress.com/2011/09/12/178 :
7. الموقع, ا., 2024. أهم 5 معايير لتصميم المواقع الالكترونية. [Online]
Available at: https://www.alhaddaq.com/%D8%A3%D9%87%D9%85-%D9%85%D8%B9%D8%A7%D9%8A%D9%8A%D8%B1-%D8%AA%D8%B5%D9%85%D9%8A%D9%85-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D8%A7%D9%82%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AA%D8%B1%D9%88%D9%86%D9%8A%D8%A9/

---

# Techniques for Designing Newspaper Websites
## portals (Khabat ‹Middle East ‹the New York Times International) for example, Descriptive analytical study between (1/1/2025 to 31/3/2025)

**Abdulkhaleq Saber Saadoon**
Department of Media ‹Erbil Technical College ‹Erbil Technical University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: abdulkhaleq.saadoon@epu.edu.iql

**Asst. Prof. Dr. Dler Ahmad Hama**
Department of Media ‹Erbil Technical College ‹Erbil Technical University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: dler.hama@epu.edu.iql

## Abstract
This study is a scientific attempt to analyze and compare the appearance of the three electronic newspaper websites that the researcher worked on on computers ‹to understand the methods and techniques used in their design. The researcher attempted to present the principles ‹characteristics ‹standards ‹ conditions ‹laws ‹and scientific methods related to newspaper website design.

To identify Kurdish website designers ،the researcher conducted a scientific study on newspaper website design techniques ،so that website designers work with scientific information. He identified the features that make a website attractive. The researcher relied on a descriptive analytical approach. The study aimed to identify the general techniques ،styles ،and structures ،and the extent to which designers rely on multimedia in websites ،and to highlight the similarities and differences between them. The scientific community of the study is newspaper website design. The research example is the three websites (Khabat ،Asharq Al-Awsat ،and The New York Times International). To gather information for the study ،the researcher used a shape analysis model to analyze the appearance of the websites' homepages. The researcher reached the following conclusions: Khabat's website relies weakly on new design techniques ، unlike the other two websites. Khabat has a simple ،classic ،and consistent style ، with no changes ،unlike the other two websites. Khabat's website is weak in its reliance on new design techniques. The other two websites focused on newer technologies. All three sites are structured the same way using sections (head ، body ،bottom).

***Keywords:*** *Design ،techniques ،newspaper, websites*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

# تقنيات التصميم فى المواقع الصحفية

## المواقع (خبات، الشرق الأوسط، the New York Times International)، انموذجا

## دراسة وصفية تحليلية للفترة (2025/1/1 إلى 2025/3/31)

**ملخص:**

هذه الدراسة هى محاولة علمية لتحليل شكل ومقارنة بين مواقع الصحف الإلكترونية الثلاث التى عمل عليها الباحث على الحاسوب، لفهم الأساليب والتقنيات المستخدمة فى تصميمها. وقد حاول الباحث تقديم المبادئ والخصائص والمعايير والشروط والقوانين والأساليب العلمية المتعلقة بتصميم مواقع الصحف. وللتعريف بمصمموا المواقع الكردية، أجرى الباحث بحثًا علميًا حول تقنيات تصميم مواقع الصحف، بحيث يعمل مصمموا المواقع على معلومات علمية. تعرف على الميزات التى تجعل الموقع جذابة. يعتمد الباحث على المنهج الوصفى للتحليل. يهدف البحث إلى معرفة التقنيات والأساليب والهياكل العامة ومدى اعتماد مصمموا على الوسائط المتعددة فى المواقع، وعرض أوجه التشابه والاختلاف بينها. المجتمع العلمى للبحث هو تصميم مواقع الصحف. مثال البحث هو المواقع الثلاث (خبات، الشرق الأوسط، The New York times international) لجمع المعلومات فى الدراسة، استخدم الباحث نموذج تحليل الشكل لتحليل شكل الصفحات الرئيسية للمواقع. توصل الباحث إلى الاستنتاجات التالية: تعتمد موقع خبات بشكل ضعيف على تقنيات التصميم الجديدة، على عكس الموقعين الأخريين. تتمتع خبات بأسلوب بسيط وكلاسيكي و ثابت ولا توجد أى تغييرات فيها، على عكس الموقعين الأخريين. موقع خبات ضعيفة فى استناد لتقنيات التصاميم الجديدة. ركزت الموقعان الأخريان على التقنيات الأحدث. جميع المواقع الثلاث مهيكلة بنفس الطريقة فى استخدام الأقسام (الرأسي، الجسم، ألاسفل).

***كلمات مفتاحية:*** *تقنيات، التصميم، المواقع، الصحفية*

پەراوێز:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

**پۆرتاڵ:** وشـەیەکی ئینگلیزییە، بۆ ئەو ماڵپەڕە گەورانە بەکاردێن، وەک دەروازەیەک کار دەکەن بۆ گەیشـتن بە چەندین جۆری زانیاری وەك هەواڵ، وتار، ڤیدیۆ، دەنگ، وێنە...هتد..بۆ نموونە: پۆرتاڵی حکومەت، پۆرتاڵی هەواڵی، پۆرتاڵی زانکۆ. توێژەران وشـەی پۆرتاڵیان بەکارهێناوە لەبەر ئەوەی ئەو سـێ ماڵپەڕە میدیاییانە وەکو نموونەی توێژینەوە وەرگیراون لەماڵپەڕێك زیاترن و چەندین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن.

**ماڵتیمیدیا:** لە زماندا بۆمان دەردەکەوێت کە "ماڵتیمیدیا" لە وشـەی "ماڵتی" کە بە واتای فرەیی و وشـەی "میدیا" کە بە واتای پەخشـکردن دێت، و ماناکەی بریتییە لە – بەکارهێنانی کۆمەڵێک میدیای پەیوەندیکردن یاخود (فرەپەخش)ە، وەک تۆماری دەنگی، وێنە یان فیلمی ڤیدیۆیی بە شـێوەیەکی یەکگرتوو و هەمەلایەنە بە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی کاریگەری لە پرۆسەی فێرکردندا.

**جاکوب نیلسـۆن (Jakob Nielsen):** کەسـایەتییەکی ناسـراوە لە بواری بەکارهێنەری کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆژیای زانیاری، لەدایکبووی ساڵی 1957 لە دانیمارك، خوێندنی دکتۆرای لە زانسـتی کۆمپیوتەر لە زانکۆی تەکنیکی دانیمارک وەرگرتووە، و دامەزرێنەری هاوبەشـی کۆمپانیای( Nielsen Norman Group)، کە پسـپۆڕە لە بواری ئەزموونی بەکارهێنەر، و هەروەها نووسەری چەندین کتێبی گرنگە لەسەر شیکردنەوەی بەکارهێنان و دیزاینی وێبسایت. کارەکانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسـەر چۆنیەتی دیزاینکردنی وێبسـایتەکان بۆ باشـترکردنی ئەزموونی بەکارهێنەر هەبووە. نێلسۆن جەخت دەکاتەوە لەسەر سادەیی، کاریگەری، و ئاسانی بەکارهێنان لە دیزاینی دیجیتاڵدا. هەندێک جار ڕەخنەی لێ دەگیرێت کە زۆر جەخت لەسـەر لایەنی پراکتیکی دەکاتەوە و کەمتر گرنگی بە لایەنی جوانکاری دەدات. هەروەها نیلسـۆن بە یەکێک لە کاریگەرترین کەسـایەتییەکان لە بواری ئەزموونی بەکارهێنەر و شـیکردنەوەی بەکارهێنان لە جیهانی دیجیتاڵدا دادەنرێت